# 8/13، ڕۆژێك لەمێژووی خەباتی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان

عەلی مەولود alimi1968@yahoo.com
نەوزاد بابان 07701427117

ساڵێك بەر لەئێستا، لەکاتێکدا خەڵکی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ بەدیهێنانی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیان هاتبوونە سەرشەقامەکانو بەدژی بێمافیەکانی خۆیانو بێدەربەستیو کەمتەرخەمیەکانی کاربەدەستان دەنگیان بەرزدەبۆوە، لەکاتێکدا هێزەکانی ناوخۆ بۆ پاراستنی جێگەی گەرمو نەرمی بەرپرسان لولەی چەکەکانیان دەکردە سنگی پڕ لەناڵەو هاواری هەقخوازانەی خۆپیشاندەران، لەکاتێکدا زیندانەکان سیخناخ ببوون لەهەڵسوڕاوانی خەمخۆری مافەکانی خەڵك، لەکاتێکدا ئاگری تووڕەیی خەڵکی سلێمانی نێڵەی دەهاتو کارەساتی دڵتەزێن لەپەرچەکرداری دەسەڵات پێشبینی دەکرا، وە لەکاتێکدا بەشێك لەئەندامانی (دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی خەڵك) لەزیندان بوون، ئێمە نووسەرانی ئەم چەند دێڕە (دوای کۆبوونەوەی هاوبەشی چەند لایەنو کەسایەتی) بانگەوازی خەڵکی شاری سلێمانیمان کرد بۆ مانگرتنی گشتی.

مانگرتنی گشتی بەلای ئێمەوە هاوپشتیو هاوخەمی بوو لەگەڵ خۆپیشاندانی شارۆچکەکانی تر، نارەزایەتی بوو بەدژی نەبوونی خزمەتگوزاریەکان، ڕێگرتن بوو لەوەی کاری تیمە بەردهاوێژە تایبەتەکان بەسەر خەڵکی نارازیدا ساغبکرێتەوە، هەروەها پاراستنی گیانی خەڵك بوو لەڕووبەڕووبوونەوەی خوێناوی.

ئەم بڕیارە بەتایبەت لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی دەستەی داکۆکیەوە پێشوازی گەرمی لێکراو یەکێتی کۆمۆنیستەکانو پارتی چەپی کوردستانو پارتی چارەسەرو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەرەسمی چوونە پشتیو هەرلایەکیان چەند کادریان دەستگیرکرا.

هاوکات لەگەڵ مانگرتن خۆپیشاندانیش بەرپابوو، هۆکاری ئەمە لەلایەك ئەوەبوو کە مانگرتن تێنوێتی هەمووانی نەدەشکاندو بەشێکیشی (بەوتەی سیاسی) هێزی دژە شۆڕش بوو، کەویستی لەرێگای خۆپیشاندانێکی لاوازەوە مەترسی خۆپیشاندانی گەورە لەسەر خۆی لابەرێتو بۆ ئەو مەبەستەش بەشێکی باش لەهێزەکانی خۆی بەنەهێنی ئامادەکردبوو.

لەم نارەزایەتیەدا دەیانکەس گیران، بەشێك پێش خۆپیشاندانو بەشێکیشمان دوای خۆپیشاندان، زۆربەش لەناو خۆپیشاندنەکە لەلایەن ئاسایشی نەهێنیەوە قۆڵبەستکران، ڕاگەیاندنەکانی سەربەدەسەڵات بەپێچەوانەی پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەوانی، چاوی کامێرەکانیان کردە چاوساغی ئاسایش بۆ ناسینەوەی هەڵسوڕاوان.

گیراوەکان هەفتەیەکی تەواو مانەوە، سەبارەت بە بارودۆخی زیندان هەرئەوەندە دەکرێت بڵێین "نەیبینینەوە".

لەو هەفتەیەدا هەڵڵای ڕاگەیاندن ناوخۆو دەرەوەی هەژاند، بەهەوڵی نوسەرو ڕۆژنامەنووسانی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو کەسوکاری گیراوەکانو چەند ڕێکخراوی دەرەکی "لەوانە ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ"و سەردانە بەردەوامەکانی خاچی سووری نێودەوڵەتیو لەسەروو هەموو ئەوانەشەوە مانگرتنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان/ لقی سلێمانی، (زیندانیکردنی هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانی جەماوەری) بوو بە پەروەندەیەکی سیاسی لەئاستی نێوخۆو دەرەوەدا، کە هێستاش قورسایی ماوە.

دوای ئازادبوون بەئیمزای پاریزگاری سلێمانی نوسراوی ژمارە 4146 لە 2006/9/13 بەسەر فەرمانگەکاندا گشتێنرا، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بابەت/ سزای بڕینی موچە

لەبەرئەوەی ئەم ناوانەی لەخوارەوە ناونیشانو شوێنی کارکردنیان نوسراوە هەستاون بەکاری تێکدەرانەو بەشداربوون لەگێرەشێوێنیەکەی ڕۆژی 2006/8/13 .. بفەرمون بەکاری پێویست سەبارەت بەبڕینی موچەکانیان بۆ ماوەی (10) ڕۆژو ئاگادارمان بکەنەوە لەئەنجام.. لەگەڵ ڕێزدا

ناوەکان: ئیبراهیم مجید محەمەد ماموٚستا، هونەر عەلی کریم ماموٚستا، ئاکوٚ عەزیز ماموٚستا، ئازاد عەلی محمد فەرمانبەر، ابوبکر مجید معروف ی/ پزیشك، نوزاد صلاح الدین رووف معاون مدیر فنی کارەبا، مەسعود محمد فاتح فەرمانبەر، علی مولود اسماعیل ناسراو بەئاسوٚغەریب فەرمانبەر، نەشوان علی سوارە فەرمانبەر، شوان کمال محمد فەرمانبەر، هەلگورد احمد محمد پوٚلیسی دارستان، هاودەنگ محمد محمود پوٚلیسی فریاکەوتن.

(لەنوسراوەکەدا شوێنی کاروژیانی کەسەکانیش دیاریکراوە، بەپێویستمان نەزانی بینووسینەوە)

لەم نوسراوەدا ئاماژە بەنوسراوی ژمارە 9366ی روٚژی 2006/8/30ی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی کراوە، کە وارادەگەیەنێت فەرمانی ئاسایش بێت بەسەر پاریزگادا. کە ئەم دەستێوەردانە لەکاروباری کارگێڕی خوٚی دەریدەخات ئەوەی لەکوردستان هەیە لەدەسەلاتێکی عورفی نزیکترە تا حکومەتێکی مەدەنی.

هەلبەت ئەو فەرمانە وەکخوٚی جێبەجێ نەکرا، هەندێك موچەی ماوەی غیابیان لێبڕدراو هەندێکیش تەنانەت روٚژانی هەینیو شەممەش کە دەوام نیە غاییدران. کە ئەوانە یاسایی نین، چونکە ئێمە خوٚمان غایب نەبووین حجزبووین.

ئێستا سالێك بەسەر ئەو رووداوانەدا تێدەپەڕێت، داخوازیەکان هەر لەجێگای خوٚیانن، لەکوٚتاییدا ماهیەتی سەرکوتگەرانەی ئەم دەسەلاتە "لەسەر ئاستی ناوخوٚو دەرەوە" بەرانبەر بەخەلك زوٚر زیاتر لەجاران ئاشکرابووە، راپوٚرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو راپوٚرتی هیومان رایت وٚچ کەئەم دواییانە بلاوبوونەوە، ئاماژەی ئاشکرای بەو سەرکوتانە تێدایە. هەروەها ئەم دەسەلاتە ئەگەرچی بەکردەوە هەنگاوێکی وای نەناوە بوٚ چارەسەری کێشەکانی ژیانی خەلكو وەلامدانەوە بەداخوازیەکان، وە ئەگەرچی ئەو بەلێنانەی داویانەو دەیدەن هێشتا پروپاگەندەیە، بەلام لەسالی پارەوە تا ئەمروٚ ناچارن زیاتر زیاتر حساب بوٚ نارەزایەتی خەلك بکەن.

هەروەها لەماوەی ئەم سالەدا نارەزایەتی خەلك فراوانترو هەمەگیرتر بووەو ئامادەیی هەلسوراوانیش بوٚ هەلسوراندنی نارەزایەتیەکان هەروا لەسەرەوەیەو ریزەکانیان لەفراوانبوونی بەردەوامدایە، بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو کەمپەینەکانی دژی پلەدوویيو دژی توندو تیژی هەنگاوی زوٚری بریوە، خوٚرێکخستنی سەربەخوٚ خەریکە دەبێتە خوٚشیاری ژمارەیەکی بەرین لەخەلك، بەتایبەتی توێژی گەنجان لەجموجولێکی سەرنجراکێشو مژدەبەخشدان.

رووداوەکانی مانگی ئابی 2006و ئالوگوٚڕەکانی یەك سالی رابردوو بەئاشکراو راشکاوی ئەوەمان پێدەلێن کە بوٚ بەدیهێنانی داخوازیەکانمان پێویستمان بەوەیە:

یەکەم هەم لەسەر ئاستی سەراسەری کوردستانو هەم لەسەر ئاستی لوٚکالی شارەکان، خوٚمان رێکخراوبکەینو هێزوتوانامان لەیەك گرێدەین.

دووەم فراوانکردنەوەی ئازادیەکان بەگشتیو بەتایبەتی ئازادی هەلسوڕانی سیاسی دەبێت یەکێك لە خالە سەرەکیەکانی ناو داواکاریەکانمان بێتو بیکەینە سەرمەشقی خەباتی داهاتوومان.

بوٚ پێشەوە بەرەو بەدەستهێنانی داخوازیەکانمان